# بەراورد

**لەیەکچونێک لەنێوان ژن و مێردو دوباڵی پارتییەکاندا**

**کامیل ژیر**

**لەنێوان ژن و مێردا، بیانەوێ یا نەیانەوێ، هەمیشە ململانێیەکی خۆڕسکیی هەیە. ماکی ئەو ململانێیەش،خواستی زاڵبونە، ئەم بەسەر ئەو، یا ئەو بەسەر ئەمدا.**

**دوباڵیی پارتییەکانیش، هەر بەوجۆرەیە. هەر باڵەو ئەیەوێ بەسەر باڵەکەیتردا زاڵبێ.**

**ئەوەی نێوان ژن و مێرد، ئەگەر زو بەلایەکدا نەخرا، ئەنجام، درەنگ یا زو، جیابونەوەیە لەیەکدی.**

**دو باڵی پارتییەکانیش، هەربەوجۆرە، جیابونەوە ئەبێ لە یەکتر.**

**جیابونەوەی ژن و مێرد، هەمیشە زیانە بۆ هەردو لا. بۆ منداڵەکانیان و کەسوکاریشیان.**

**جیابونەوەی دو باڵەکەش، دیسان، زیانە بۆ ئەندامەکانیان و نەتەوەش بەگشتی.**

**ئەشێ ژن و مێردەکە، بەگرێبەستێکی تازە، یا بە مارەبەجاش، یەکبگرنەوە.**

**دو باڵەکەش، هەوەها.**

**ئەو یەکگرتنەوەیە بە سود ئەگەڕێ بۆ ژن و مێردەکە.**

**هەمان سود بۆ دو باڵەکەش.**

**ئەو ناکۆکییە لەناو خێزانی گەورەو خێزانی بچوکیشدا رو ئەدا.**

**هەروەها لەناو پارتی گەورەو پارتی بچوکیشدا.**

**نمونەی خێزانی گەورە: بەشیر موشیر کە دوای 50 ساڵ پێکەوەژیان لەگەڵ دایکی شامیلدا، جەوابیدا (تەلاقیدا) وتی ئەمڕۆ بۆمدەرکەوت عەرەب دەرچو!!**

**نمونەی پارتی گەورە: پارتی دیموکرات کە باڵی جەلالیی لێجیابوەوەو 66 و31ئابیان لێکەوتەوە!. یا یەکێتیی نیشتمانی کە گۆڕانی لێجیابوەوەو وتیان ئەیگۆڕین و نەشیانگۆڕی!**

**یەكگرتنەوەی ئەو پارتیانە، یاهەر دوهاوسەرێكی لەیەكپچڕاو،تەنانەت بە مارەبەجاشیش، خێرێكی گەورەی لێئەكەوێتەوە بەمەرجێ نەبوبن بە مارەبڕاوی دراوسێی دژ! .**